# دنیای منداڵان

١٤٩

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا




# دنیای منداڵان

گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە،
ناوەندی
منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی
کوردستان دەری دەکا

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە
ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا،
مینا سوڵتانزادە



پەیوەندی:
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
www.Kurdistanukurd.com

منداڵە ئازیزو خۆشەویستەکانی دنیای منداڵان! ئەو کاتەتان باش.


ئەمجارەش دەمهەوێ باسی رۆژێکی گرنگتان بۆ بکەم، ئەویش رۆژی جیهانی قوربانیانی هاتوچۆیە. بە هۆی زۆربوونی رووداوی هاتوچۆ لە سەرتاسەری جیهان نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٥وە، ١١ی نوڤامبری وەک رۆژی جیهانیی قوربانیانی هاتوچۆ دیاری کردوە، هەروەها ساڵانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یادی ئەو رۆژە دەکەنەوە تا وەبیر خەڵکی بێنەوە کە کاتی ئوتۆمبێل لێخورێن یان کاتی پەڕینەوە لە شەقامەکان زیاتر ئاگایان لە خۆیان بێ.

ئازیزان! کەوابوو ئێوەش دەبێ هێماکانی هاتوچۆ باش بناسنو یاساکانی هاتوچۆ لەبەر چاو بگرن. کاتێک دەچنە قوتابخانە یا هەر جێگایەکی دیکە، کاتێک دەتانهەوێ لە شەقام بپەڕنەوە دەبێ زۆر باش ئاگاتان لە خۆتان بێ چاو لە لای راستو چەپی خۆتان بکەن.

بە هیوای ساغ و سڵامەتی و سەرکەوتن بۆ هەموو ئێوەی ئازیز

سەرنووسەر






له ساڵی ١٩٢٠ی زایینی له شاری سلیمانی له دایک بووه، دوای خویندنی سەرەتایی له شاری سلێمانی بۆ درێژادن به خوێندن دەچێته بەغدا. دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی له ساڵی ١٩٤٠ دەگەڕێتەوه شاری سلێمانیو دەبێته مامۆستا.

مامۆستا باڵدار جیا لەوه که له زۆر له شارو گوندەکانی پارێزگای سلێمانی مامۆستا بووه بۆ ماوەیەکیش له ناوچەی هەورامان و دەوروبەری دەرسی گوتووەتەوه. هەر لەو کاتەشدا ئەلفو بێیەکی کوردیی نوی بۆ فێرکردنی زمانی کوردی دادێنیو دەستنووسەکەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەدەی سلیمانی دەنێرێ، که دوای پەسەند کرانی، دەنێردرێ بۆ بەغدا که هەم له لایەن حکوومەتی بەغدا و هەم له لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆ پەسەند دەکرێ.

مامۆستا باڵدار ساڵی ١٩٥٠ دەچێته شاری هەولێر و له قوتابخانەکانی ئەو شاره ئەلفو بێی نوێی کوردی دەڵێتەوه که بۆ خۆی نووسیویەتی.

مامۆستا ئیبراهیم له ساڵەکانی ٦٠ی زایینی دەست دەکاتەوه به خوێندن و به هەوڵ و ماندووبوونی زۆر له شاری بەغدا لیسانس (ماجستێر)ی بازەرگانی و ئابووری وەردەگرێ، دواتر دەچێته ئەمریکا، له بەشی پەروەده له زانکۆی سان فرانسیسکۆ ماستەر تەواو دەکا، دوای گەڕانەوەی له ئەمریکا له زانکۆی سەلاحەدین له شاری هەولێر دەبێته مامۆستا، دواتر دەچێتەوه بەغدا و هەتا ساڵی ١٩٩٨ که کۆچی دوایی دەکا، له زانکۆی موستەنسیرییەی بەغدا مامۆستایەتی دەکا.

دوو بەرهەمی گرنگی مامۆستا باڵدار که خزمەتی زۆریان به زمانی کوردی کردوه و هەتا ئیستا به دەیان جار چاپکراونەتەوه. ئەوانەن:

ئەلفو بێی نوێی کوردی ساڵی ١٩٥١ له بەغدا چاپ کراوه.

ئەلفو بێ بۆ گەوران، بەغدا، ساڵی ١٩٥٥


ئا: نێمەت مەلا

## زمانی کوردی

زمانی کوردیم خۆشدەوێ
خەمی دڵمی پێ دەڕەوێ
زمانی کوردی سامانمە
خوێنی دەماری گیانمە
بە زمانی کوردی بە جۆش
دەنووسم هۆنراوەی زۆر خۆش
لەگەڵ براو باوکمدا
لەگەڵ خوشکو دایکمدا
بە زمانی کوردی دەدوێم
سروود بۆ نیشتمان دەڵێم
چریکەی گۆرانیی بەسۆز
بە کوردی دەڵێم بۆ نەورۆز
ساڵانیکی دوورو درێژ
زەحاکی زۆردارو خوێنڕێژ
ئەم نیشتمانەی ڕاگیرکرد
زمانی کوردی داگیر کرد
لە نەورۆزدا کاوەی نەبەز
هەڵی تەکاند قەلای ناحەز
وتی گەلی کورد لە هەر کوێن
ئیتر هەر بە کوردی بدوێن
کوردی زمانی خۆتانە
هەنگوینی گفتوگۆتانە
زمانی کوردیم خۆشدەوێ
خەمی دڵمی پێ دەڕەوێ



# چیرۆکی کۆپۆلی‌و دارستانی سەرسوڕهێنەر



لە وڵاتێکی دوور دووری ئەم جیهانەدا دارستانێکی سەرسەوزو جوان، بەڵام سەرسوڕهێنەر هەبوو. لە سووچێکی ئەو دارستانەدا ماڵێکی بچووکی لێبوو کە کۆپۆلی لێ دەژیا. هەرچەند ئەو دارستانە زۆر مەترسیدار بوو بەڵام کۆپۆلی لە هیچ شتێک نەدەترسا. ئەو زۆر ئاسایی دەژیاو هەموو شەوێک بەبێ ترس لە نێو دارستاندا پیاسەی دەکردو خواردنی بۆ گیانەوەرە بچووکەکان دەبردو گۆرانیی بۆ دەگوتن.

شەوێکیان کە کۆپۆلی لەگەڵ دارەکان قسەی دەکرد، گورگێک هاتە دەرێ. ئەو تا ئێستا ئەو گورگەی نەدیتبوو، بەڵام چونکە لەو دارستانەدا هەموو شتێک سەیرو سەمەرە بوو، نەترساو بە میهرەبانییەوە سڵاوی لە گورگەکە کرد.

گورگەکە زۆری پێ‌سەیر بوو کە کۆپۆلی لێی نەترساوە. کۆپۆلی پێکەنی‌و گوتی پێت سەیر بوو کە نەترسام؟! ئەو دارستانە هەموو شتێکی سەیرو سەمەرەو سەرسوڕهێنەرە. ئەمنیش لێرە دەژیمو لە هیچ شتێک ناترسم. ئەرێ بەراست شامت خواردوە؟ ئەمن ئەمشەو خواردنی خۆشم لێناوە، پێکەوە بچین بیخۆین؟

گورگو کۆپۆلی بەیەکەوە چوونە ماڵەکەی‌و خواردنە بە تامەکەیان خواردو لە تەنیشت یەکتر لێی‌خەوتن.

و. بۆ کوردی: مینا

# دایکی من جوانترین دایکی دنیایە

ڕۆژێک لە شارێکی دوورو کوڕێکی جوانی خنجیلانە لەگەڵ دایکی دەژیا، ئەو دایکی زۆر خۆش دەویست و زۆریشی دایکی پێ جوان بوو.

یەکێک لەو ڕۆژانە کە دایکی کوڕەکە ڕۆیشتبوو بۆ بازار و درەنگ هاتەوە، کوڕەکە نیگەران بوو بۆیە بۆ دیتنەوەی دایکی لە ماڵ ڕۆیشتە دەرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بە هیچ جێگایەکی نەدەزانی، زوو ونبوو.

ئەو زۆر ترسابوو. لە ناو کۆڵانێکدا ڕاوەستابوو دەگریا کە لەو کاتەدا پاشای شارەکە لەو کۆڵانە تێپەڕی. پاش کە ئەو دیمەنەی دیت لە کوڕەکە چووە پێشێ و لێی پرسی کە بۆ وا دەگری؟ کوڕەکەش هەموو شتێکی بۆ پاشاو ئەو کەسانەی کە لەگەڵی بوون گێرایەوەو گوتی کە دایکی من جوانترین دایکی دنیایە و ئەگە من دایکم نەبینمەوە چیو چی دەبێ!

پاشا کە ئەوەی بیست فەرمانی دا کە هەموو ژنانی جوانی ئەو شارە کۆکەنەوەو بۆ کۆشکی ئەوی بەرن.

دوای کاتژمێرێک کۆشکی پاشا پڕ بوو لە جوانترین ژنانی شار، بەڵام دایکی ئەو کورەیان تێدا نەبوو. پاشا زۆری پێ سەیر بوو بۆیە فەرمانی دا کە دووبارە بگەڕێن و ژنانی جوان بدۆزنەوە. لەو کاتەدا ژنێکی زۆر سادە و ئاسایی لە بەر دەرگای کۆشکەکە وەدەر کەوت وبە پارێزەرەکانی کۆشکەکەی گوت: من کوڕەکەم لێ ونبووە؛ کوری من جوانترین کوڕی دنیایە.

پاشا کە ئەو قسەیەی بیست لەو کاتەدا زانی کە ئەو ژنە دەبێ دایکی منداڵەکە بێ بۆیە فەرمانی دا کە ئەو ژنە بانگ بکەن بچێت بۆلای تا بزانێ کە ئەو دایک و کورە بۆ ئاوایان گوتووە؟

کاتێک ئەو ژنە دەچێت بۆلای پاشا، پاشا لێی دەپرسێ کە تۆ بۆچی دەڵێی کوڕەکەت جوانترین کوڕی دونیایە؟ خۆ وانییە؟



ژنەکە دەڵی: گەورەم! من دەزانم کە وانییە بەڵام من دایکی ئەوم و لەبەر چاوی دایک منداڵەکەی جوانترین منداڵی دنیایە.

ئەی خۆ تۆش ئەوەندە جوان نی و بۆ کورەکەت ئەوە شارەی هەژاند کە گوتی دایکی من جوانترین دایکی دنیایە؟.

لەو کاتەدا کوڕەکە وڵامی پاشای دایەوە و گوتی: گەورەم! من نەمگوت دایکی من جوانترین ژنی دنیایە! گوتم: دایکی من جوانترین دایکی دنیایە.

**نەسرین یوسفزادە**

منداڵان سڵاو!
وانەی ئەمجارەمان تایبەتە بە ژمارەکانی 11 تا 100. هەوڵ بدەن بینووسنەوە و لەبەری بکەن.

| ژمارە | نوسین بە ئینگلیسی | بە کوردی | شێوەی دەربڕین |
|---|---|---|---|
| ١١ | Eleven | یازدە | ئیلێڤن |
| 12 | Twelve | دوازدە | توێلڤ |
| ١٣ | Thirteen | سێزدە | سێرتین |
| ١٤ | Fourteen | چاردە | فۆرتین |
| ١٥ | Fifteen | پازدە | فیفتین |
| ١٦ | Sixteen | شازدە | سیکستین |
| ١٧ | Seventeen | حەڤدە | سێڤنتین |
| ١٨ | eighteen | هەژدە | ئەیتین |
| ١٩ | Ninteen | نۆزدە | ناینتین |
| ٢٠ | Twenty | بیست | توێنتی |
| ٢١ | Twenty-one | بیست و یەک | توێنتی وان |
| 30 | Thirty | سی | سرتی |
| 40 | Forty | چل | فۆرتی |
| 50 | Fifty | پەنجا | فیفتی |
| 60 | Sixty | شێست | سیکستی |
| ٧٠ | Seventy | حەفتا | سێڤنتی |
| ٨٠ | Eighty | هەشتا | ئەیتی |
| ٩٠ | Ninety | نەوەد | ناینتی |
| ١٠٠ | One hundred | سەد | وان هاندرێد |

How many mice? چەند مشک ؟
One mouse مشکێک
Two mice دو مشک
Three mice سێ مشک
Twenty mice بیست مشک
Mouse = مشک
Mice= مشکەکان کۆ


کاوە ئاهەنگەری


# بۆ چاومان لە تاریکی دا نابینی؟

چاوی ئێمە وەک کامێرای وێنەگرتن وایە. وێنە لە شتەکانی دەورووبەری هەڵ دەگرێ و ئەو وێنانە لە ڕێگەی دەمارە هەستیارەکانی مێشکەوە بۆ مێشک دەنێرێ و ئێمەش ئەوکات شتەکان دەبینین.


ئەو وێنە هەڵگرتن و ناردن و بینینەش هەمووی لە ماوەی چاو تروکاندنێک دایە. جا ئەگەر ڕووناکی لە شتی دەوروبەرمان نەدا، نە دووربینی عەکاسی دەتوانێ وێنە لە شتی دەورووبەر هەڵ بگرێ و نە دووربینی چاوەکانی ئێمەش دەتوانێ وێنە لە شتەکان بگرێ و بۆ مێشکی بنێرێ. بۆیەش لەو کاتەدا ئێمە هیچ نابینین.

**شوانە بۆکان**





منداڵینە! جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە!



# ژیانی کوندەکان



کوند باڵندەیەکی ڕاوچییە کە
زۆرتر شەوانە دەچێ بۆ ڕاو.
کوند سەریو هەروەها
چاوەکانی گەورەنو چاوە
گەورەکانی یارمەتیی دەدا تاکوو
لە ڕووناکاییەکی کەمیشدا
بتوانێ ڕاوی خۆی بکا.
کوندیش وەکوو مرۆڤ
چاوەکانی لە پێش سەرێتی
بەڵام ناتوانێ بیانجوڵێنێو چاو
لە دەوروبەری خۆ بکا. کوند لە
کاتی هەڵفڕیندا دەنگی باڵی نایەو
هەروەها دەنووکو چنگەکانی
زۆر تیژنو لە کاتی ڕاوکردندا
یارمەتیی زۆری دەدەن.

گوێیەکانی کوند لە دوورەوە
دەنگ دەبیستنو ئەوە هۆکارێکە بۆ
ئەوەی شەوانە بتوانێ بە ئاسانی
خواردنی خۆی بدۆزێتەوە.
کوندەکان جیا لە «جەمسەری



باشوور» لە هەموو شوێنێک
دەژین. وەک: دارستان، کێو،
دەشتاییەکانو... ئەوان لەو
شوێنانەی پێیان خۆش بێ هێلانە
ساز دەکەنو تێیدا دەژین.
لە وڵاتی ئێران ١٢ جۆر کوندی





هەیە وەک: کوندی ئەنبار، کوندی دارستانی، کوندی شاخدار، کوندی ماسیخۆرو هتد...
کوندێکی دیکە بەناوی شاکوند هەیە کە چاوەکانی گەورەو باڵەکانی










قاوەیی‌و زەردن.
ئەوان زۆرتر ئێواریٚ تاریکان‌و بەری بەیانان ڕاو دەکەن‌و بۆ پشوودانیش دەچنە کەلێنی بەردەکانەوەو خواردنیان زۆرتر مشک‌و کەروێشکە.







و. بۆ کوردی: مینا

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



**پەنیر**

مامۆستا: پەنیری ماوە بەسەرچوو بۆ سلامەتی زۆر مەترسیدارە، بە بڕوای ئێوە باشترین ڕێگە بۆ پێشگیری لە خراپبوونی پەنیر چییە؟

قوتابی: مامۆستا نێو زگمان باشترین شوێنە بۆ ئەو کارە.

**منداڵی دراوسێکە**

_ کاکە ئەرێ تۆ چەند منداڵت هەیە؟

= هەر چوار قامکی بەرز کردەوەو گوتی ٣ منداڵ.

**دەستی چڵکن**

مامۆستا: ئاخر کورم چاو لەو دەستانەت بکە بزانە چەند چڵکنن، باشە ئەگەر دەستی من ئاوا بوایە ئەتۆ دەتگوت چی؟

قوتابی: مامۆستا ئەمن ئەوەندە دڵگەورەو میهرەبانم کە قەت ئەوەم بە چاوی تۆ دا نەدەدایەوە!



دیاریی: نارین کەنکاش

## باشترین کات بۆ ئاودانی باخچەو دارەکان!

منداڵینە! ئێوە دەزانن باشترین کات بۆ ئاودانی باخچەو دارەکان چ کاتێکە؟

ڕاست وایە، بەیانی زوو یان ئێوارەێو کاتی ڕۆژ ئاوا بوون. چونکە ئەگەر جیا لەو دوو کاتە ئێوە باخچەکەتان ئاو بدەن، هەم ئاوەکە بە فیڕۆ دەچێو هەم گوڵو دارەکانیش تێر ئاو نابن؛ چونکە ئاوەکە بە هۆی تینی خۆر دەبێتە هەڵم.

بۆیە لە بیرتان نەچێ کاتێک دەتانهەوێ لە ئاودانی باخچەو دارەکان یارمەتیی دایکو باوکتان بدەن ئەوە دەبێ لەو دوو کاتەی کە باسمان کرد ئاویان بدەن.



# سوودەکانی گەنمەشامی

گەنمەشامی گیایەکە کە سەرەتا لە ناوچەکانی ئامریکای ناوەندی و مکزیک دیتراوەتەوە و دواتر لەو ناوچانە ڕا بە هەموو جیهان بەڕێ کراوە، کە ئیستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەو بەرهەمە دەچێنن.

سوودەکانی گەنمەشامی:

١- ٣٥٠ کالۆری وزە تێدایە،

٢- بە ڕێژەیەکی زۆر ڤیتامین آ ب ١ ، ب ٢ و ب ٣ی تێدایە،


٣- هەروەها بە ڕێژەیەکی زۆر ئاسن، پرۆتئین، سۆدیۆم و فۆسفۆری لە گەنمەشامی دا هەیە.

٤- بە خواردنی گەنمەشامی دەتوانن بەرگری لە خراپ بوونی ددانەکانتان بکەن.

٥- گەنمەشامی ڕێژەی چەوریی خوێن دادەبەزێنێ.


٦- لە ڕۆنی گەنمەشامی بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی پێست کەڵک وەردەگرن.

**پەیام**





# کاردەستی







# خۆزگە

من منداڵم، من منداڵم
بە پێی تەمەن شەش  حەوت ساڵم
هەستو هۆشم پاکو بەرزە
وەک شوێنی باران و تەرزە
دڵم بە چەشنی ئاوێنە
سپیو روناکو خاوێنە
ناخی دەرونم بێگەردە
ئەڵێی نێرگزی ناو هەردە
ئەوەی پێی ئەڵێن ڕقو قین
نازانم چۆنن! یاخو چین
شەڕو درۆو بوختانو جوێن
نازنم کێنو خەڵکی کوێن
پەپولەم حەز بە گشت ئەکەم
ئارەزووی دەرودەشت ئەکەم
وەکو هەنگ حەز بە شاخ ئەکەم
تاسەی بۆنی گوڵە باخ ئەکەم
پەستم بە بینینی داوێ
چارەی ئازاردانم ناوێ
خۆزگە هەموو گیانلەبەرێ
ڕێگای منی ئەکرد بەرێ



**کاکەی فەلاح**

ئەوەی بتوانێ ئەم مەتەڵە وڵام بداتەوە، ناوی‌و وڵامەکەی لە ژمارەی داهاتووی «دنیای منداڵان»دا بڵاو دەکەینەوە. بۆمان بنووسن کێشی مریشکو کەروێشکو پڵینگەکە، چەند کیلۆیە؟ و هەموویان بەسەر یەکەوە، دەبن بە چەند کلیۆ؟



# منداڵەکان بە دڵی خۆتان بمڕەنگێن!









# هاوکاریی ئاژەڵانی دارستان

لە نێو دارستانێکی گەورەو سەرسەوزدا، کۆمەڵێک ئاژەڵ پێکەوە دەژیانو هەموویان هاوڕێی یەکتر بوون. یەکێک لەوان کەروێشکێکی ئازا و زیرەک بوو. هەموو رۆژێ بۆ ئاو خواردنەوە دەچووە دەم ئەو چۆمەی کە بە نێوەڕاستی دارستانەکەدا دەڕۆیشت، دواتر بۆ کایەکردن دەچوو لای هاوڕێکانی.

رۆژێکیان کە لەگەڵ ئاژەڵەکانی دیکە خەریکی کایەکردن بوون، لەناکاو رەشەبایەکی بەهیز هەڵیکردو بارانیکی بەخوڕ دایدا. کەروێشکە بچکۆلە بە هاوڕێکانی گوت وەرن تا باران لێی دەکاتەوە با چینە بن ئەو دار بەڕوویە.

باو بۆرانەکە ئەوەندە بەهێز بوو کە خانووی کەروێشکەکەی تێک شکاندبوو.

دوای تەواوبوونی بارانەکە، هەرکام لە گیاندارەکان گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان. کاتێک کەروێشکەکە چۆوە، دیتی خانووەکەی خرابووە. زۆر نارەحەت بوو، و گریا و بە پەلە چووە لای هاوڕێکانی و پێی گوتن کە باران و ڕەشەبا خانووەکەی وێران کردووە.

هاوڕێکانی کەروێشک بە بیستنی ئەو هەواڵە زۆر نارەحەت بوون و لە دەوری کەروێشک کۆ بوونەوەو دڵنەواییان دەداوە، بەڵێنیشیان پێدا کە لە دروست کردنی خانوویەکی نوێدا، هاوکاری بکەن.

هاوڕێکانی کەروێشکی دەسبەکار بوون. ورچو سەگەکە چوون داریان هێنا و بە مشار خەریکی بڕینەوەی دارەکان بوون. مەیموونەکەش چوو لە









ماڵەکەی خۆی، چەکوچ و بزماری هێناو دەگەڵ سمۆرە خەریکی چاککردنی
خانووەکە بوون. بەو شێوەیە بە هاوکاریی هەموو ئاژەڵەکان خانوویەکی
جوانیان بۆ کەروێشک سازکردو کەروێشک زۆر خۆشحاڵ بوو و سپاسی
هاورێکانی کرد.

و. بۆ کوردی: شیلان

## ئایا دەزانن؟



٧٠ لە سەدی کەرەسەی یارییەکانی منداڵان لە وڵاتی چین دروست دەکرێن؟



بەرازەکان ناتوانن سەری خۆیان بەرز بکەنەوەو چاو لە سەرێ(ئاسمان ) بکەن؟



برینج، خواردنی سەرەکیی ٥٠ لەسەدی خەڵکی جیهانە؟



لە باوەش کردنی دار لە وڵاتی چین قەدەغەیە؟



زەڕافە و مشک دەتوانن زیاتر لە وشتر بە بێ ئاو بژین؟

